# چایخانەکەی مام جەلال

جەزا چنگیانی

مام جەلال سیاسیەکی زۆر زرنگە لە قۆرخکردن ودەستەمۆکردنی کەسایەتیە سیاسی و دام و دەزگا و ڕێکخراوە پیشەی و پیشمەرگەی و ئابوریەکانی ناو یەکیتی نیشتمانیدا. هەر بۆیەش تائیستا بە بێ ئەلتەرناتیف ماوەتەوە، لەو بروایەشدام تا دوا چرکەی ژیانی واز لەم جڵەوگیریە ناهێنێ. کە صدامی دڕندە ڕما. بۆشایەکی سیاسی لە پایتەختی عیراق بغداد دا دروست بوو. هەردوو لا واتە (یەکیتی و پارتی) هەوڵی پڕکردنەویاندا. یەك لەو بۆارانەی کە مام جەلال زۆر زرنگا لیتێگەیشتوە (ڕۆڵی میدیا) لە کیشە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا یە. بۆیە مام جەلال نرخ و پایەیەکی تایبەتی بۆ بۆاری میدای هەیە. لە ڕاستیشدا ئەمە تێگەیشتنێکی ڕاستە و مۆدیرنە. وەلی خاڵی چەوتی سیاسەتی ئەم سیاسیە کوردە لە ڕۆڵی ئازادی میدیا تێناگات یان نایەویت لێتێبگات. کە هیچ میدیایەك پێش ناکەویت و ناتوانی خزمەتی ڕەسەنی خۆی بکات ئەگەر (ئازادی نەبێت) هەر بۆیە دەبینین. یەکیك لە داخوازیەکانی شورشی فرنسی ئازادی ڕۆژنامەگەری و میدیا و ئازادی ڕادەربڕینی تاکی کۆمەڵ بوو. بێگومان زۆر کەس ئەوە دەزانی میدیای پاك بەرهەمی بیر و هزری پاکە. پاك بە بونیادە ڕەسەنە مرۆیەکەی واتە پاك داڕشتن و پاك بیرکردنەوە لە پێناوی پاککردنەوەی پۆخڵاواتی کۆمەڵگادا. بە ئەمری مام جەلال هەفتە نامەی (الاتحاد) گوێزرایەوە بۆ بغداد و کەسیکی بۆ بەڕیوەربردنی تەرخانکرد. مام چونکە هەموو شتەکان. هەموو بڕیارەکان، هەموو داخوازیەکان، هەموو هەڵویستەکان، هەموو تەعیناتەکان، هەموو ترۆکردنەکان، هەموو فتواکان، هەموو شەڕەکان. هەمووگەمە ئاشتیکان. هەموو هەمووەوەکان. هەر خۆیەتی و کەس ناتوانی لە ئاستی بڕیاریکدا فزە بکات. زۆر زۆر توشی هەڵە دەبێت. یەکیك لە براپارەکانی مام بە کارخستنی کۆمەڵە ڕۆژنامەنووسێکی کۆنی بەعسیە لە هەفتەنامەی (الاتحاد) دا. ئەمەش بە فەلسەفەی ئەوەی لاپەڕەکان نۆی دەکاتەوە و پیویست بە خۆیندنەوەی میژوو ناکات. چونکە مام بەوە نا ئاشنایە کە میژوو ئایندە مسۆگەر دەکات، میژووی ناپاکیش ئایندەی پاك مسۆگەر ناکات. ئەگەر پیرۆزی کاری میدیا پاککردنەوەی کۆمەڵگا بیت کەواتە پیویستە کادیرانی میدیا ویژدان و میژوو پاك بن، واتە ڕۆژنامەی پاك کەسی پاکی گەرەکە. نەك ئەو کەسانەی داکۆکیان لە ئەنفال و جینۆسایدی کورد کردوە ؟؟؟، چایخانەی (الاتحاد) ی مام جەلال لە بغداد پڕیبووە لە ڕۆژنامەنووسە بەعسیەکان. ئەمانە چونکە لە قوتابخانەی نا پاکی بەعسدا پەروەردە بوون، هەر پاش ماوەیەك ناپاکیان لە هەفتە نامەی (الاتحاد) یش کرد و دارای هەفتە نامەکە، واتە کاسەکەی (الاتحاد) پشان ئەنفالکرد. ئەم هەڵانە گشتی لە یەك سەرچاوەوە وەردەگیرێ کە ئەم سیاسیە وەك هەموو دیکتاتوریکی تر پەنجە دەخاتە هەموو کاریکەوە. ئەگینا ئەرکی دامەزراندن و بڵاوکردنەوەی (میدیا) ی هەر ڕێکخراویك ئەرکی سکرتیری ڕێکخراوەکە نیە، بەڵکو ئەرکی وەزارەتی ڕاگەیاند یان ڕۆشنبیریە، لێخۆش بوونی مام لە ڕۆژنامەنوسانی بەعسی و پەنجەکانی تری دەستی علی کیمیاوی وەك (تەها محی الدین معروف، دکتور ئومید، شیخ جعفر) ئەوەیە مام گەرەکێتی بەم یارمەتی و وەفایە (بەعسیە کوردەکان) . لە درکاندنی پەیوەندیە نهێنیەکانی مام و صدام دەم کوتبکات ئەگینا ئەو پاریزگاریکردن و خزمەتەیان لە لایەن چەکدارنی یەکتیەوە، ناپاکیە بەرامبەر بە شەهیدانی یەکیتی. ئەو ماڵ و ژیان وگوزەرانەی ئیستا تەها محی الدین و دکتور ئومید لە سایەی مام دا هەیانە (دایکی جگەر سوتاو و ژنە هەژار و نان پیوەرەکەی مامە ریشە و منداڵە بێ ناز و گووڵەبەڕۆژە فرۆشەکانی تری شەهیدانی قارەمانی یەکیتی نیشتمانی کوردستان نیانە. بۆیە پێویستە یەکیتی سنووری بۆ دەسەڵاتی مامە دابنێ.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لێی بەرپرسیارنییە.